# سیاسەت و مەرگی ئەدەب و هونەر

**عومەر جەلال**
Omerjelal@yahoo.com



هەمیشە کاری ئەدەب ئەوەبووە ژیان بە ئاکارێکی دیکەدا بەرێت و هەوڵی دۆزینەوەی نهێنی و جوانییەکانی ژیان بدات ,یان بەمانایەکی دی ئەدەب و هونەر پەنجەرەیەکی دیکە دەبەخشێت بە مرۆڤایەتی ,وەلێ ئەوەی سیاسەت جودا دەکاتەوە لەئەدەب و هونەر ئەو جەنگە بەردەوامەیە کە رێگا لە ژیانێکی نوێ ی ئەدەب و هونەر دەگرێت ,لەم هەفتەیەدا لە مێدیا عەرەبیەکانەوە ئەوە بلاٌوکرایەوە کە سوریا رێگا نادات هونەرمەندانی لوبنانی بەشداربن لە کۆنسێرت و سەفەری ئەو وولاٌتە کە نزیکەی (100) سەد کەس دەبن بە پێ ی ئەو لیستە لە نێویاندا هەردوو کچە هونەرمەندی ناسراو (هەیفا) و (ئەلیسا) ی تێدایە کە دوو هونەرمەندی ناسراون و خاوەنی چەندین خەلاٌتن ئەوانیش ئەو قەدەغەکردنە دەگەڕێننەوە بۆ بڕیاری سیاسی ,هەرچەندە هونەرمەندانی دیکە پێیان وایە پەیوەندی بەم دۆخەی نێوان سوریا و لوبنان هەیە , ئێمە دەزانین سوریا لە روانگەی کولتووری ئەدەب وهونەرەوە هیچی کەمتر نییە لە لوبنان بەلاٌم چەند لێپرسراوێکی سوریا پێیان وایە مەبەست شێوازی پۆشینی ئەو جل و بەرگەیە کە دوورە لەفەرهەنگ وکولتوری سوریەوە.

کولتووری کوردیش بێبەش نەبووە لەو جەنگە ئازاراویانەی کەبەردەوام رێگای ئەدەب وهونەری ناشرین کردووە ,بوونی سیستمی بە عس لە کوردستاندا بووە هۆی مەرگی سەدەها تێکستی زیندوو و لەناو بردنی چەندین کەسایەتی ئەدەبی و هونەری ,ئەمە لە لایەك و پاش راپەرین لە کوردستاندا بە هۆی ئەو دۆخە ترسناکەی بوونی هەبووە لە کولتوورەکەماندا و لە لایەکی دی شەڕی ناوخۆ و باری نائاسایی هاولاٌتی کورد کەمتر بواری هەبووە بەشدار بێت لە ژانرەکانی ئەدەب و هونەر.

ئەدەب هەوڵی داوە ساتە تراژیدی و مەرگەساتەکان بنووسێتەوە و مانایەکی دیکە ببەخشێت بە کولتوور و پێکەوەژیان ,کەچی سیاسەتی ترسێنەر و تۆتالیتار هەمیشە دەستی هەبووە لە ناشرین کردنی ئەدەب بە تایبەت ئەو تێکستانەی کە بۆ سیاسیەکان نووسراون تەنیا لەو سەردەمەدا بوونی هەبووە پاشتر لەتەك مرنی ئەو سیاسیانەدا مردووە ,وەلێ ئەوەی بە زیندووی دەمێنێتەوە لە ژیاندا ئەو تێکستانەن بۆ مرۆڤایەتی نووسراون یان ئەو گۆرانییانەن بۆ عەشق و جوانی ووتراون,یان ئەو پۆرترێتانەن کە دوور لە سیاسەت کێشراون.

ئەوەی هەنووکە لە کولتووری کوردیدا ئەدەب و هونەرەکەی خۆی تەرخان دەکات و بۆ سیاسیەکان و ئایدیۆلۆژیای حیزب هەمیشە کەمترین خوێنەر و بیسەر و بینەریان هەبووە بە بەراوورد لەتەك ئەو ئەدەب و هونەرەی تەرخان دەکرێت بۆ جوانی و عەشق ومرۆڤایەتی.بوونی چەندین نووسەری سەربەخۆ کە تەمەنی خۆیان تەرخان کردووە بۆ خوێندنەوەی کولتووری کوردی و دوو ر لەسیاسەت دەنووسن و خوێنەری باشیان هەیە گەواهیدەری ئەو راستیەن, کە تەمەنی تێکستێك کە بۆ سەرکردەیەك یان بۆ بەرژەوەندی حیزبێك دەنوسرێت تەمەنی زۆر کەمترە لە رۆژێك یان بە دیوێکی دیکەدا جوانی ئەدەب و هونەر لەوەدایە بۆ هەموو تاکی کۆمەلگە بنوسریت و بارگاوی نەبێت بە بۆنی حیزب.

هیچ کەسێك ناتوانێت جارِی مەرگی ئەو قەسیدانە لێبدات کە نالی نووسیونی بۆ حەبیە کە دوو سەدە بەر لە هەنووکە نووسراون ,وەلێ هەندێ تێکست تەمەنی چەند رۆژێکە وبۆنی مەرگ دەگرێت بە ئایدیای حیزبەوە.

هەرگیزا و هەرگیز پۆرترێتەکانی ڤان کوخ کۆن نابن هەروەك چون نۆتەکانی بتهۆفن هەمیشە دەبیستین و خوێندنەوەی نوێ ی بۆ دەکرێت

کێ دەتوانێت کۆتای بە ناوی نیچە و بۆدلێر و سەدەها کەسایەتی ناوداری ژیان بهێنێت کە بۆ مرۆڤایەتی نووسیان و ژیان؟

کێشەی ئەدەبی ئێمە ئەوەیە زۆرینەی نووسەرانمان بارگاوی دەبن بە ئایدیای حیزب و زۆر بە زووی تێکستەکانیان دەچێتە گۆڕی فەرامۆشییەوە یان نووسەرانمان گلەیی ئەوە دەکەن خوێنەریان نییە یان قەیرانی ڕەخنە بە کێشە دەزانن لەکاتێکدا ئەدەبی خۆیان تەرخان دەکەن بۆ سیاسیەت و حیزب

ناکرێت چەندین نووسەری بوێر لە یاد بکەین کە لەچەندین بواردا خزمەتیان بە کولتوری و ئەدەبی کوردی کردووە خوێنەر خۆی وێلی دوای تێکستەکانیانە و بە پێچەوانەی ئەو نووسەرانەی بۆ حیزب و سیاسەت دەنووسن

لە کاتێکدا کولتووری کوردی لە دۆخێکی هەستیاردایە و تا هەنووکە ئەدەب و هونەری بەو شێوازە باوە نە ناسراوە لە روانگە جیهانیەکەیەوە ئەویش دەیان فاکتەر هەیە بۆ ئەم مەبەستە هەر لە نەبوونی وەرگێڕی باش بۆ زمانەکەی تابتوانن ئەدەبی کوردی ئاشنابکەن بە جیهان هەرچەندە چەند

هەوڵێکی سادە دراوە لە بواری وەرگێڕان لەکوردیەوە بۆ عەرەبی و فارسی,وەلێ دەبێت وابکرێت بەو زمانانەی کەزۆرترین خوێنەری هەیە بە تایبەتی زمانی ئینگلیزی کە ئەمرۆ هەر ئەدەبێك بەو زمانە بنووسرێتەوە زۆرترین خۆێنەری دەبێت ,بێگومان لە دەرەوەی کوردستان و ناوەوە دەیان زماناس و وەرگێڕ وپرۆفیسۆر و دکتۆرامان هەیە کەچی تا هەنووکە نەمان دی رۆمانێك یان تێکستێکی ئەدەبی وەربگێڕنە زمانی ئینگلیزی کە هیچ نەبێت هەماهەنگیەك درووست ببێت لە نێوان کولتووری کوردی و زمانەکانی دی.

ئەوەی منی زۆر ئازاردا لەم چەند رۆژەدا وەرگێرێگی کورد چەند قەسیدەیەکی شاعیری ئەلمانی (**بوبروفسکی**) وەرگێرا بۆ زمانی عەرەبی کە ڕەخنەکەم لە سایتی (ئیلاف) بەرچاو کەوت ڕەخنەیەکی زۆریان لێگرد کە گوایە ئەم وەرگێڕە زۆر لاوازە و (کوردە)

لە روانگەی زمان و تەکنیکەوە باش نییە ئەمەش ئاساییە, وەلێ ئەو ڕەخنەگرە عەرەبە نووسیبووی( (ئەم تێکستانەی (**بوبروفسکی** ) چەند مانگێك بەر لە ئێستا لایەن ( **عبد الرحمن عفيف**)ەوە وەرگێردراوە کە لەئەلمانیا دەژێت و کوردە و وەرگێرێکی زۆر هیچە و وەك دەزانین ئەدەبی کوردی هیچ سانسۆرێکی لەسەر نییە بە تایبەتی وەرگێران و ئەدەبی کوردیش کە تووشی کەڕوو(فگريات) هاتووە و بەمەم شێوەیە گەشە دەکات و دەنووسن و دەخوێننەوە تەنانەت درێژیان کردووەتەوە بۆ ناو رۆژنامە و سایتە عەرەبییەکان) )

هەرچەندە ئەم ڕەخنەیەی ئەو نووسەرە عەرەبە لە جێگای خۆ یدایە دەبوو ئەو وەرگێرە کوردە و وەرگێرەکانی دیکە کە کوردن بەر لەوەی بۆ زمانێکی وەك و عەرەبی یان فارسی وەرگێڕن بێن بە زمانی دایك وەرگێڕن هەم سەرکەوتوو تر دەبن و خوێنەری زمانی عەرەبی و فارسیش لە خۆیان زیز ناکەن و ئەدەبی ئەوانیش تووشی کەڕوو ناکەن.

هەرچەندە لە تایتڵی نووسینەکەم دوور کەوتمەوە ,وەلێ ئێمەی کورد چەند پێویستمان بەوەیە ئاپارتمانێك بەرزبکەینەوە بەو ئەندازەیەش پێویستمان بەوەیە تێکستە زیندووەکان بەرزبکەینەوە بۆ ئەوەی بخوێندرێننەوە بە زمانەکانی دی و لەدەرەوەی حیزب و سیاسەت ئەو تێکستانەی کە دەمانباتەوە بۆ جیهانێکی دی و ئاوێتەی ئەو رۆمانە قەشەنگانە بین لەدۆخی مەرگەوە دەمانبات بەرەو زیندەگی و ئەو هۆنراوانەی لەمنداڵیەوە بەرەو عەشق و شکست دەمانبات و وێنەی خۆمانی تێدا دەبینین و هەست دەکەین چەند زوو پیر بووین لەچاوەڕوانی و تەنیایدا.